**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١١٣٣ لە ٢٠١٥/١/٢٠**

**بەمەبەستی زیاتر گرنگی دان بە گوندەکان و هاندانی هاوڵاتیان بۆ زیاتر رووکردن لە گوند بۆ بوژانەوەی بواری کشتوکاڵ و زیاتر فراوان کردن و ئاوەدانکردنەوەیان و نەهێشتنی گیروگرفتی گوندەکان و بەمەبەستی دانانی رێنماییەکی تایبەت بەفراوانکردن وگواستنەوەی گوند ، و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددە(٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:**

## رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥
## رێنمایی فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان

## پێناسەکان:

**ماددەی یەکەم:**

**١- وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان .**

**٢- پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان: پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان .**

**٣- گوند: شوێنێکە کە کۆمەڵە خەڵکێك لێی دەژین و تیایدا نیشتەجێن وکۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون پێك دەهێنن:**

**٤- فراوان کردنی گوند: ئەو گوندانەی کەوا ئەو زەوییەی بۆی تەرخانکراوە و پەسەندکراوە لەسەر نەخشە جێگای نەماوە خەڵکی گوندەکە خانووی تیادا بکەن بۆ نیشتەجێبوون .**

**٥- گواستنەوەی گوند: گواستنەوەی شوێنی ئەو گوندانەی کەوا بواری فراوانکردنیان تیادا نەماوە و بەهۆی باری جوگرافی و پرۆژەی ستراتیژییەکان.**

**ماددەی دووەم:**

**مەبەست لە دەرکردنی ئەم رێنماییە رێکخستنی کاروباری گوندەکانە لەرووی فراوانکردن و گواستنەوە و چەسپاندنی لەسەر نەخشە.**

**ماددەی سێیەم:**

**فراوان کردن و چەسپاندن و گواستنەوەی ئەم گوندانە ناگرێتەوە کە دەکەوێتە ناو ماستەر پلانی شارو یەکەکارگێڕییەکان.**

**ماددەی چوارەم:**

١- فراوانکردن و گواستنەوەکە دەبێت لە کاتی زۆر پێویستدا بێت.

٢- وەرگرتنی ڕەزامەندی زۆرینەی خەڵکی گوند بە ناو و ئیمزایان و بۆ بەرژەوەندی تەواوی گوندەکە بێت و پشتگیری موختار و ئەنجوومەنی گوندەکە پێشکەش بە یەکەی کارگێڕی پەیوەندار بکریت.

٣- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر ئاوەدانکردنەوەی ئەو گوندانەی کە بوونیان لەسەر نەخشە هەیە و تا ئێستا ئاوەدان نەکراونەتەوە.

٤- پێویستە ئەو خەڵکەی کە خانوو لە گوند دروست دەکات لەکاتی فراوان بوون و گواستنەوەی گوندەکە خەڵکی خودی گوندەکە بێت و نابێت کڕین و فرۆشتن بە خانووەکان بکرێت بۆ خەڵکی دەرەوەی گوندەکە.

٥- بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کە تیایدا ژمارەی زەوی فراوان بوون و گواستنەوەی گوندەکە و ژمارەی کەرت و ناوچەکەی تیادا دیاری بکرێت بۆ ئەوەی هەر کەسێك تانەی هەبێت پێشکەشی لایەنی پەیوەندار بکات .

٦- جۆرو رووبەری زەوی فراوان بوون و گواستنەوەی گوندەکە تا بکرێت بەردەڵانی بێت ئەگەر بەردەڵانی نەبوو ئینجا کشتوکاڵی و مەرجە بکەوێتە تەنیشت حەرەمی گوندەکە کە فراوان بوونی بۆدەکرێت و ڕەچاوکردنی ڕێگا و بانە سەرەکییەکان بە نەخشەی ڕەنگا و ڕەنگ .

٧- ئەو زەوییە کشتوکاڵییانەی کە بەرفراوان بوون و گواستنەوەی گوندەکە دەکەون پێویستە خاوەنەکانیان ( موڵك ، گرێبەستی کشتوکاڵی ، مافی ڕەفتارکردن – حق التصرف ) دەبێ بەڵێنامە لە جوتیارەکە یان خاوەن مافی ڕەفتارکردنەکە لەسەر ئەو پارچە زەویە وەربگیرێ کە پەیوەندی بەو پارچە زەویەوە نەمێنێ و لە لایەن نووسەری داد پەسەندکرابێ و قەرەبوو کردنەوەیان بە پێی یاسا کار پێکراوەکان.

٨- وەرگرتنی ڕەزامەندی (وەزارەتی دارایی ، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان) و بەڕێوەبەراتییەکانی (شوێنەوار ، ئاودانکردنەوە و ڕێگاوبان ، کارەبا ، کشتوکاڵ ، ئەوقاف وکاروباری ئایینی ، گەشتوگوزار و ژینگە ) لە سنووری پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان .

٩- کۆنووس و بڕیاری ڕەزامەندی ئەنجومەنی یەکەی کارگێڕی پەیوەنداری لەسەر بێ ، دواتر بۆ پارێزگا بەرزدەکرێتەوە.

١٠- پارچە زەویەکە دەبێتە بەشێك لە حەرەمی بنەڕەتی گوندەکە بەپێی جۆری زەویەکە لەلایەنی پەیوەندار لەسەر قەواڵەکە دیاردەکرێ یان گرێبەستەکە راستدەکرێتەوە و لەسەر نەخشەی کادسترۆیی دەچەسپێندرێ.

١١- تەرخانکردنی پارچە زەویەکە تەنیا بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون و پرۆژە خزمەتگوزاریەکان دەبێ.

١٢- تەرخانکردن و رەفتارکردن بەو پارچە زەویە بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی وبەرەزامەندی لایەنی پەیوەندار و پارێزگا دەبێ.

١٣- تەرخانکردنی و دابەشکردنی ئەو پارچە زەویە هەروەك حەرەمی بنەڕەتی گوند بۆ خانووی نیشتەجێبوون لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکی یەکەی کارگێڕی و بەرەزامەندی پارێزگا دەبێ ، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خەڵکی رەسەنی گوند و بە بەردەوامی دانیشتوی گوندەکەن و جوتیارن و خێزاندارن و زەوی کشتوکاڵیان هەیە، بە پشتگیری موختار و ئەنجومەن دەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

جێ بەجێ کردنی ئەم رێککارانەی سەرەوە لەلایەن لێژنەیەکی تایبەتەوە کە لەلایەن پاریزگا و ئیدارەکان پێك دەهێنرێت کە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان لە خۆبگرێت پاش دیراسەکردنی و رەزامەندییان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی) دەکرێت بە ( گشت بەراییەکان و نەخشەی رەنگاو رەنگی رەسەن ) بە مەبەستی دەرچواندنی ( بەیان ) و بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان.

**ماددەی شەشەم:**

لەسەر هەموو پارێزگاکان و ئیدارەکان و یەکە کارگێریەکانە برگەکانی ئەم رێنماییە جێ بە جێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

کاربە هیچ رێنماییەك ناکرێت دوای دەرچوونی ئەم رێنماییە.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم رێنماییە کاری پێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**